نزا کردن (دوعاکردن وپاڕانەوە) عیبادەت وپەرستنە

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «نزا کردن (دوعاکردن وپاڕانەوە) عیبادەت وپەرستنە»، پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: «{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافر: 60] واتە:{ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن ولووت بەرزی دەکەن لەئاستی پەرستنی منداً، لەئایندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتی یەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە}».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە نزاکردن پەرستنە، واجبە هەمووی بەدڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت، ئەگەر نزای داواکردن بێت، بەوەی داوای شتێک لە خوای گەورە بکات کە سوودی بۆی دەبێت، یان داوای دوورخستنەوەی زیانی لێبکات لەدونیا وقیامەتدا، یان نزای پەرستن بێت، ئەمیش هەموو شتێک دەگرێتەوە کە خوای گەورە پێی خۆشە ولێی ڕازیە لە وتە وکردەوە ئاشکرا ونهێنیەکان، وپەرستنی دڵی یان لاشەیی یان دارایيەکان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەی هێنایەوە لەسەر ئەم باسە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافر: 60] واتە:{ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن؛ ئەوە من دوعا و نزاتان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن ولووت بەرزی دەکەن لەئاستی پەرستنی منداً، لەئایندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتی یەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5496